وەزارەتی داد

بەیانی تایبەت ژمارە ( ٧ ) سالی ٢٠١٦

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پیمان دراوە لەماددەی نۆیەم / بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی سالی ٢٠٠٧ بریارماندا بە :-

١- گێرانەوەو کردنەوەێ ( بەرێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی تەقتەق) و ( بەرێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی رەواندوز) لە بەرێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی هەولێر ،دوای ئەوەی کە بە بەیانی تایبەت (٧)ی ٢٠١٦ هەڵوەشابوونەوە.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچونیەوە ٢٠١٦/٥/١٥ جێبەجێ دەکرێت.

سنان چلبی
وەزیری داد

---

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

بەیانی ژمارە ( ٢ ) سالی ٢٠١٦

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لەماددەی حەوتەم / بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی سالی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:-

هێنانەکایەی (إستحداث)ی بەشی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆکرێکاران لە بەرێوەبەرایەتی کارو ڕاهێنانی پیشەیی/گەرمیان سەر بە بەرێوەبەرایەتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران / سلێمانی دەبێت بە مەبەستی دەستەبەری کردنی کرێکاران .

ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ١٥ /٢٠١٦/٥.

محمد قادر محمد
وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

---

وەزارەتی تەندروستی

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندابە :-

بەیانی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٦

- بڕیارماندا بە کردنەوەی ( هۆبەی بانکی خوێن ) لە نەخۆشخانەی ئافرەتان و لە دایك بوونی فێرکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١/٥.

د.ڕێکەوت حمە رشید کریم
وەزیری تەندروستی